# ئەو ئیمانەی خوای گەورە دەیەوێت لە بەندەکانی

[ kurdish – کوردی – كردي ]


**ئیبن قەیم ئەلجۆزیە**

**وەرگێڕان وپوخت کردنی: فەرمان عەزیز نەجار**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**



2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ الإيمان الذي يريده الله من عباده ﴾

« باللغة الكردية »

ابن قيّم الجوزيّة

ترجمة: فرمان عزيز نجار

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ئەو ئیمانەی خوای گەورە دەیەوێت لە بەندەکانی

دەبینین زۆرینەی خەڵکی یان هەر هەموو خەڵکی بانگهێشتی ئەوە دەکەن کە ئیماندارن، بەڵام  لە ڕاستیدا زۆربەی خەڵکی ئیمانێکی تەسکیان هەیە، بەڵام ئیمانی فراوان ئەو ئیمانەیە کە پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) هێناویەتی بۆ گەلەکەی، ناسینی خوا و دان پێنانی و خۆشویستنی و ناسینی ئەو شتانەی خوا پێی ناخۆشە و لێی توورەیە، ئا ئەمە ئەو ئیمانە ڕاستەقینەیە کە پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) لەسەری بووە و بە گەلەکەی ڕاگەیاندووە، ئا ئەو ئیمانە ئیمانی گرۆهی ڕاستگۆیانە .

لەلای زۆربەی خەڵکی وادەزانن ئیمان دان هێنانە بە بوونی دروست کارێك، هەر ئەویش تەنهایە و ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیاندایە دروستی کردووە، بەڵام ئیمانی کامڵ ئەوەندە نیە بەتەنها چونکە بت پەرستەکانی (قریش)یش ئەم ئیمانەیان هەبووە، کەواتە بەمە ناگووترێ ئیمان .

لەلای هێندێ خەڵکی تریشدا وادەزانن ئیمان تەنها ووتنی شەهادەی _ أشهد أن لا إلە إلا اللە وأشهد أن محمد رسول اللە _ جا کاری لەگەڵدا بێت یان نا بە دڵ بێت یان پێچەوانەی دڵ بێت .

لەلای هێندێ خەڵکی تریشدا وادەزانن ئیمان تەنها ئەوەیە مرۆڤ بە دڵ ئیمانی هەبێت کە خوا دروست کراوی ئاسمانەکان و زەویە و (محمد)یش (صلی الله علیه وسلم) بەندە و نێردراوی خوایە، ئەگەر بە زمانیش نەیڵێت و کاریشی پێ نەکات قەیناکا، بەڵکو ئەگەر جنێویش بە خوا و پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بدات و هەموو گوناهێکی گەورەش بکات، تەنها ئیمانی بە خوا و پێغەمبەر هەبێت ئەوە ئیمانداره .

لەلای هێندێ خەڵکی تریش وادەزانن ئیمان تەنها دان هێنانە بەسیفاتە بەرزەکانی پەروەردگار وەکو سیفاتی بەرزی عەرش و سیفاتی قسەکردن بە ووشە و سیفاتی (سمع) و (بصر) و (مشیئة) و (قدرة) و (إرادة) و (حب) و (بغض) و چەندین سیفاتی تریش کە خوا بۆ خۆی باسی کردووە یان پێغەمبەرەکەی باسی کردووە، بەڵکو ئیمان لەلای ئەوانە دان نەهێنانە بەمانە و گوێڕایەڵی کردنی بۆچوونی مامۆستایە گەمژە و نەزان و درۆزنەکانیانە کە ووتەکانیان هێندێکی دژ بەیەکە و یەکتر هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەوانە وەکو ئەوەنە کە ئیمام (عمر)ی کوڕی (الخطاب) و ئیمام (احمد) فەرموویانە: ئیختیلافیان لە قورئاندا هەیە و پێچەوانەی قورئان دەکەن و کۆکن لەسەر وازهێنان لە قورئان .

هێندێ خەڵکی تریش وادەزانن ئیمان تەنها پەرستنی خوایە بە پێی ئارەزوو و هەواو هەوەسی خۆیان، بێ ئەوەی پەیوەست بن

بەو فەرمانانەی پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) لەلای خواوە هێناویەتی .

هێندێ خەڵکی تریش وادەزانن ئیمان تەنها ئەنجامدانی ئەو کارانەیە کە باوك و باپیرانی و پیشینەی ئەوان ئەنجامیان داوە جا چۆن و کێ بێت ئەوە باس نیە، بەڵکو ئیمانیان لەسەر دوو شت دامەزراوە:

یەکەم: ئەوە پێشینەیە و باو باپیرانمان وایان گوتووە ئێمەش ئەنجامی دەدەین.

دووەم: هەر ئەوەی ئەوانیش گوتیانە ڕاستە و هیچی تر .

هێندێ خەڵکی تریش وادەزانن ئیمان تەنها ڕەوشت جوانیی و هەڵسوکەوتی چاکو ڕووی خۆش و گومانی چاکە بردن بە خەڵکی و دوور کەوتنەوە لە بێئاگای خەڵکییە .

هێندێ خەڵکی تریش وادەزانن ئیمان تەنها خۆداماڵینە لە دنیا و دەرکردنی دنیایە لە دڵ و زهد کردنی دنیایە، جا ئەوانە هەر کاتێك کەسێکیان بینی بەم شێوەیە بوو ئەوە بە ئیماندارێکی مەزنی دەزانن ئەگەر چی زانست و کردەوەشی نەبێت .

ئائەمانە هەر هەموویان ئیمانی ڕاستەقینەیان نەناسیوە و شوێنی نەکەوتوون و چەنگیان نەکەوتووە، ئەوانەی ڕابران چەند جۆرێکن: هێندێکیان ئیمانەکەیان دژی ئیمانی ڕاستەقینەیە، هێندیکیان ئیمانەکەیان هەر بە ئیمان ناژمێردرێت، هێندێکیان ئیمانەکەیان مەرجی ئیمانە بە تەنها بەوە نەگەیشتوونە بە ئیمان، هیندێکیشیان مەرجیان داناوە بۆ گەیشتن بە ئیمان کەچی مەرجەکان هەڵوەشێنەرەوە و دژی ئیمانە، هێندێکیشیان مەرجیان داناوە بۆ گەیشتن بە ئیمان کە هەر پەیوەندی بە ئیمانەوە نیە .

لە راستیدا ئیمان دوورە لەمانە بەڵکو ئیمانی ڕاستەقینە تێکەڵە لە ناسینی ئەو شتانەی کە پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) لە لایەن خواوە هێناویەتی، جا بە دڵ ئیمانی پێی هەبێت و بەزمانیش دانی پێدابهێنێت و بەخۆشەویستی دڵیشیەوە ملکەچی بێت، بە دڵ و لاشە کاری پێبکات، بەپێی توانا جێبەجێی بکات و بانگەوازی بۆ بکات .

بەڵێ: ئیمانی ڕاستەقینەی مروڤی ئیماندار ئەوەیە کە خەڵکی لە ڕاهی خوا خۆش بووێت، ڕق لێبوونەوەی لە ڕاهی خوا بێت، لە ڕای خوا ببەخشێ و لە ڕاهی خوا نەبەخشێ، وە بەتەنها خوای گەورە بپەرستێ و ملی بۆ کەچ بکات، مرۆڤ ئەگەر بیەوێت بگات بەو ئیمانە ڕاستەقینەیە دەبێت بە دڵ و لاشە تەنها شوێنی پێغەمبەری خوا بکەوێت (صلی الله علیە وسلم)

دەبێت چاوی دڵی بنوقێنێت لە ئاوڕدانەوە بۆ کەسانی تر جگە لە خوا و پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم).